ئایا کارەکتەرەکانی کۆچیرۆکی «گۆرانیبێژی بچووک» شارین؟

سەدیق سەعید ڕواندزی
(ڕواندز)

شار بە مانا مۆدێرنەکەی، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جوگرافی، ئەتنیکی، کولتووری، پیشەسازی و بازرگانی دەناسرێتەوە، کە هەڵگری جۆرە هارمۆنیایەکی کۆمەڵییە و هەموو پێکهاتەکان لە شاردا بە جیاوازی ڕەگەزی و ناسنامەیان یەک دەگرنەوە، بە پێچەوانەی گوند کە پارێزگاری لەو مۆرکە خێڵەکییە گوندییەی خۆیان دەکەن. لە شاردا، جۆرە ونبوونێکی ناسنامەیی هەیە کە ئەوی جیاواز و تاک لە نێو کۆی شاردا دەتوێتەوە و دەبێتە بەشێک لە کۆی ناسنامەی گشتی ئەو شارە. شار، یەکەیەکی جوگرافی و دیموگرافی گەورەیە و ناتوانرێت لە ژێر یەک ناسنامەی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتیدا پۆلێنی بکەی.

شار وێڕای پێشکەوتنە ژیاری و مرۆیی و خزمەتگوزارییەکانی، بەڵام لە کێشە و گرفتی گەورە بەدەر نییە، وێڕای ئەوەش لە شاردا بە تەنیا شوناسێک و ڕەگەزێک نییە، بەڵکوو هارمۆنیەتێک هەیە کە هەموان لە شاردا کۆدەکاتەوە. بێگومان مەوداکانی ئازادی و ژیانگوزەراندن، تێکەڵاوبوونە کولتووری و فەرهەنگییەکان، بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی شار کە لە گوند جیایان دەکاتەوە. لەو سۆنگەیەشەوە شار ئەو چەترەیە کە دەشێ هەموان بە جیاوازییەکانیانەوە لە ڕووی ئایینی و ئیتنیکی و ڕەگەزییەوە، لە سایەیدا ژیان بگوزەرێنن. پێشکەوتنی هزری و کرانەوەی کۆمەڵایەتی، دەرەنجامی گەشەی ژیاری و شارستانی کۆمەڵگەن و بەشێکن لە پێشکەوتنەکانی جیهان. لەو سۆنگەیەشەوە، شار بەردەوام لە گەشەکردندا دەبێت و ئەو گەشەکردنەش جۆرە هارمۆنییەتێک دروست دەکات کە جێگەی هەموو دەنگ و ڕەنگ و ئایدیا و ئایینە جیاوازەکان بگرێتەوە، ئەمە سروشت و خەسڵەتی شارستانی و ژیاریی شارە و کەس ناتوانێت پێشی لێ بگرێت، بگرە دینامیکیانە بەردەوام لە فراوانبوون و گەشەکردنی ژیاری و شارستانیدایە و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیش، ڕەنگدانەوەیان لەسەر ناسنامە و جیهانبینی مرۆڤەکاندا دەبێت و واقیعێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دێننە ئاراوە، کە مۆرک و تایبتمەندییەکانی شارە، دواجار بە سەر بیرکردنەوە و ناسنامەی تاکەکاندا زاڵ دەبێت.

لێرەوەیش دەستەواژەی شاری، بەرانبەر بە دەستەواژەی گوندی، یان خێڵەکی، وەک بەرەنجامی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە ژیاری و کۆمەڵایەتییە دێتە ئاراوە، تا سەرەنجام تاک لە ناسنامەی شاردا ون دەبێت، چونکە (تاکایەتی مرۆڤ لە ئازادییەکەیدا بە دەردەکەوێت، لە ئارەزوو و بەختەوەرییەکەی، بەڵام فەرهەنگیبوونەکەی لە بە کۆمەڵایەتیبوونیدایە) (١) دیارە بە کۆمەڵایەتیبوونیش لە شوێنێکی گەورەی وەک شاردا، حەتمیەتێکی مێژوویە، ئەمە بەو واتایە نا کە کۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، بەڵکوو بەو واتایەی کرانەوەیەکی هەزری و کۆمەڵایەتی لە جیهانبینی تاکەکاندا پوودەدات.

بێگومان کولتووری کۆمەڵایەتیی شار، لە دەرەنجامی ئەو توانەوە و پێوەندییەی لە نێوان کۆ و تاکدا دروست دەبێت، گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی تاک دروست دەکات، ئیدی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئەو دیاردانەی پێشووتر، بە جۆرێک لە نەگونجاوی زانیبێت، لە شاردا نامێنن و تاک دەبێ لە نێو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و جوگرافییە نوێیەدا هەڵبکات، دەنا ڕووبەڕووی بەرکەوتنی گەورەی ژیان دەبێتەوە، کە سەرەنجام بەرەو داخران و نامۆبوون و دابڕانی هەزری و ژیاریی دەبات.

تاک لە شاردا، دەبێ ئەو گۆڕانکاری و تایبەتمەندییانە، بە ئاسایی ببینێت و خۆیشی وەک شارییەک ڕەفتار بکات و ژینگەی پێشووی جێ بهێڵێت، چونکە فاکتی شار ئەوە دەسەپێنێت، لێرەوەش کاتێک کارەکتەری چیرۆکێک بە نموونە لە شاردا دەژیت و مۆرکی شارییانەی پێ دەدرێت، ئەوە دەبێ ناسنامەی شارییوونی لە هزر و بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا، ڕەنگبداتەوە کە سیمای بەرجەستەی شارن، بەڵام کاتێک کارەکتەرێک، بە هەمان



بەختیار حەمەسوور

ئەقڵی خێڵەکی و ناشارییانە بیر دەکاتەوە، ئەوە ناشێ پێمان وابێت کارەکتەرەکانی نێو ئەو دەقە زۆر شارین و هەڵگری خەسڵەتی شارگەرایین.

لەو ڕوانگەیەوە (حەمە مەنتک) لە وتارێکیدا کە هەر لەم گۆڤارە سەنگینەدا (٢) بڵاوبووەتەوە، لە بارەی کارەکتەرەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی (گۆرانیبێژی بچووک)ی بەختیار حەمەسووردا دەڵێت: (یەکێک لە پنتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم چیرۆکانە کارەکتەرەکانن، هەموو کارەکتەرەکان خەڵکی شارن و شارییانە ژیاون) لەو چیرۆکانەدا، بێجگە لە بگێڕەوەی هەمووشتزان کە وەک کارەکتەرێکی نادیار لە ڕووی ناوەوە دەردەکەوێت، کارەکتەری دیکەیش هەیە، بەڵام بە درێژایی چیرۆکەکان، ئەوەی بەوردی بیخوێنێتەوە، دەزانێت دەنگی بگێڕەوەی هەمووشتزان بەسەر کۆی کارەکتەرەکاندا زاڵە! بوونی فرەکارەکتەری لە چیرۆکێکدا، بە چەندایەتی و ژمارەییەوە پێوانە ناکرێت، بەڵکوو چۆنایەتی بوونیان لەنێو دەقدا، لە ڕووی زمان و جیهانبینی و ڕەفتار و پێوەندییان بەڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت (ئەو مامەڵەیەی

ڕۆماننووس لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا دەیکات، پێمان دەڵێت فرەدەنگی هاتووەتە کایەوە، یان نا، چونکە هەندێک ڕۆمان لەگەڵ ئەوەشدا، کارەکتەری زۆریان هەن، بەڵام ئەوان لە پێناو بیرۆکەیەکی زانراودا خراونەتەگەڕ، بۆیە نەک هەر فرەدەنگیان نەهێناوە، بەڵکوو پتر جەختیان لە سەر یەک حەقیقەتی زانراو کردووەتەوە) (٣) کە ئەمە هەڵەیەکە بەردەوام لە میانەی خوێندنەوەی دەقی چیرۆک و ڕۆمان، پەیوەست بە فرەکارەکتەری لە دەقدا دەکرێت.

کارەکتەرەکانی نێو ئەم چیرۆکانە، ڕاستە لە شار و بە دیاریکراوی سلێمانی دەژین، بەڵام خەسڵەتی شارییان نییە، بەڵکوو وەک هەر کەسێکی ئاسایین. شاریبوون، وەک فۆرمێکی پێشکەوتووی ژیاری و کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی لەسەر جیهانبینی مرۆڤەکان، بە ئاراستەی کرانەوە و مۆدێرنێتی دەبێت. مرۆڤی شاری، بە سروشت دەبێ مرۆڤێکی هۆشیار بێت و شارییانە هەڵبکات و لە نێو واقیعی سۆسیۆلۆژی و جوگرافی و کولتووری شاردا بتوێتەوە، ئەمە بەو واتایە نییە هەرکێ لە شار ژیا، ئیدی ئەقڵی خێڵەکی و گوندییانە جێ دێڵێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەو مانایەی کاتێک خەسڵەتی شارییانە دەدرێتە پاڵ کەسێک، ئیدی دەبێ لە میانەی بوون و پێوەندییەکانی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی شارەوە، هەست بەو شاربوونەی بکەین، بەڵام لە کۆی ئەم سێ چیرۆکەدا، ئێمە هەست بەو تێکەوڵبوون و پێوەندییە ناکەین. لە هەر سێ چیرۆکەکەدا، کە لە ڕووی کردەی گێڕانەوە و یەکێتیی بابەت و ڕووداوەوە یەکتری تەواو دەکەن، گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕووداوەکان، کە پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆیەتی و بڕوام وایە، خستنەڕووی دیوێکی شاراوەی ژیانی چیرۆکنووسن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

کاتێک سەرنج لە میانەی وەسف و گوزارشتکردن لە شار دەدەین، دەبینین کارەکتەرەکانی ئەم چیرۆکانە نەک شاری نین، بەڵکوو لە شاریش هەڵدێن! لە دیمەنێکدا، کارەکتەرەکە کاتێک وەسفی ئەو شارە دەکات کە لێی دەژیت، دەڵێت: (هاوڕێکانم، بە پۆل و شەپۆل شاریان جێهێڵا، جارێک بە هاوڕێیەکم گوت ئەمە شار نییە، خەڕەکە شکاوە، گوو بە هەرچی کۆڵانیەتی، کە بە ترس و نائومێدی تەنراوە) (٤) لێرە لە زۆر بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت کە جۆرە بەیەکدانێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەزری لە نێوان کارەکتەرەکە و شاردا هەیە، تا ئەو ئاستە تونەی شار و کۆڵانەکانی بە گوو ببینێت، کە باڵاترین پلەی بەراوردی نەڕێنییە، کاتێک بمانەوێ وەسفی شتێکی پیس و خراپ بکەین، بەو مانایەی ئەوەندە لە شارەکە بێزارە کە ئامادەیە پیسایی بکاتە هەرچی کۆڵانیەکانیەتی! ئەم جۆرە تێڕوانینە، لە جیهانبینی مرۆڤێکەوە دوورە، کە شارییانە بیر بکاتەوە و لە شاردا بژیت، چونکە کاتێک مرۆڤ دەچێتە شار، جۆرە تێکەڵبوونێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و پەرەسەندن و ڕەهەندە ژیاری و پێشکەوتووەکانی شار، جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکەی لەلا دروست دەکەن. بۆ نموونە: هەموو ئەو ڕواندزییانەی چوونەتە هەولێر، شێوەزاری ڕواندزییان لە بیر کردووە و بە هەولێری قسە دەکەن، چونکە فاکتی شار، ئەمەیان بەسەردا دەسەپێنێت.

ڕاستە لە چیرۆکەکەدا، هاوڕێکانی بە هۆی شەڕەوە شارەکە جێدێڵن، بەڵام دواجار شار شارە و ڕۆژگارێک دێت ئەو واقیعە کۆتایی دێت. بە هەمان شێوە، لە وێنەیەکی دیکەدا، کارەکتەری چیرۆکەکە، دیسانەوە باسی شار دەکات و دەڵێت: (زۆرجار دەڵێم ئەوەی بەرگە بگرێ و لەو شارە

بژیت، دەبێت دڵێکی وەک دڵی ئەسپی هەبێت، من نەمبوو) (٥) لێرەشدا ڕوونە کە کارەکتەرەکە، چەند لە شار بێزارە و کەسێکیش لە شار بێزار بێت، کە واتە بڕوای بە کولتووری شارگەری نییە. لەلایەکی دیکەوە، کارەکتەرەکە کاتێک دەیەوێت چیرۆکێک لە بارەی نەنکییەوە بنووسێت، بە هەمان شێوە دەرچوونی نەنکی لە شار و گەڕانەوەی بۆ گوند، بە ڕووداوێکی گرنگ و مێژوویی و چارەنووسساز دەزانێت و دەڵێت: (سەربوردەی نەنکم و سەفەرە چارەنووسسازەکەی، لە شارەوە بۆ گوند بنووسمەوە) (٦) . بێگومان هەموو کۆچێک لە گوندەوە بۆ شار، کۆمەڵێک گۆڕانکاری و لێکەوتەی لە ڕووی هەزری و کەسی و کۆمەڵایەتییەوە لێ دەکەوێتەوە و گۆڕانکارییەک لە ژیانی مرۆڤدا دروست دەکات، چونکە ژینگەی شار، بە سروشت لە ڕووی ژیارییەوە، لە گوند پێشکەوتووترە، کە هەڵگری مۆرک و تایبەتمەندیی نەریتی و خێڵەکی و میللییە، بۆیە کاتێک کەسێک لە گوندەوە سەفەر بۆ شار دەکات، دەشێ گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانیدا ڕووبدات، بەڵام بە هەمان ئاست، لە شارەوە بۆ گوند ئەوە ڕوونادات، چونکە ئەم دوو پانتاییە جواگرافییە، لە ڕووی ژیانگوزەراندنەوە لە یەکتری جیان.

کەواتە سەفەری گوند بۆ شار چارەنووسسازە، بەڵام پێچەوانەکەی نا. لە دیمەنێکی دیکەدا، کارەکتەرەکە وەسفی پێوەندی باوک و کچ دەکات و دەڵێت: (تا ئەو کات نەمزانیبوو چ خەمێکە باوک بیت، باوکی کچ!) (٧) ئەم دەربڕینە سەرسوڕمان ئامێزە، جیهانبینی شاراوەی باوکێک، لە ڕووی تێڕوانینی بۆ ڕەگەزی مێ و کچ بە تایبەتی دەردەخات، کە هەڵگری ڕەهەندی خێڵەکی و پەتریارکییە، بەو مانایەی باوکەکە، پێی نەنگی و خەمە، باوک بیت و باوکی کچیش بیت، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەگەر باوکێک دە کچیشی هەبێت، ئەگەر کوڕی نەبێت، ئەوە هەر بە وەجاخ کوێر دەبینرێت. لە شاردا، جیاوازی لە نێو هەردوو ڕەگەزەکە نابێت هەبێ. دەبێ مرۆڤی شاری، بڕوای بە سەربەستی و ئازادیی هەردووکیان هەبێت و وەک یەک بیانبینێت، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نەکات، کەچی ئەم باوکە، بە لایەوە نەنگییە باوکی کچ بێت و بڕوای وایە خەمێکی گەورەیە! ئەم خەمە، لە بەرپرسیاریەتی باوکانە و ژیانی منداڵەکەوە نەهاتووە، لە پەرۆشی باوکەکەیش نییە، تەنیا ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقڵییەتەیە کە بڕوای وایە کوڕ گەورەتر و شکۆمەندترە لە کچ و کوڕ پشتوپەنایە، بەڵام کچ ماڵی خەڵکییە! ئەم ڕوانگە و تێگەیشتنەیش گوندییانەیە، نەک شارییانە، چونکە نابێ مرۆڤی شاری بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، بەڵکوو دەبێ تێکەڵ بە کولتوور و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژیاریی شارەکە ببێت.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- نوستالۆژیای داگیرکراوان، مەسعود بابایی، بڵاوکراوەی دەزگای جەمال عیرفان، -٢٠٢٥.

٢- کارەکتەرسازی لە دەقی گۆرانیبێژی بچووکدا، د. حەمە مەنتک، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٤١، لە ٢٠٢٦/٣/٥، ل١٠٦ .

٣- ڕۆمان لە تاک دەنگەوە بۆ فرەدەنگی، دیداری ئەدەبی، ئامادەکردنی شاخەوان سدیق، بڵاوکراوەی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگریت، ٢٠٢١، ل١١٩.

٤- گۆرانیبێژی بچووک، چیرۆک، بەختیار حەمەسوور، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، زنجیرە (١٣٣٦)، ٢٠٢٥، ل٤٥.

٥- ه -س - پ ل٥٩.

٦- ه - س- پ ل٤٩.

٧- ه -س - پ ل١٠.